## وت و وێژی خالید محەمەدزادە لەگەڵ سەید جەلالەدینی حوسێنی

ئەم وت و وێژە لەگەڵ بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوەی خەبات، لە ماڵپەڕی "دیدار" دا بڵاو بۆتەوە کە کاک خالید بەڕێوەی دەبات و من ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/٢/٤ لەسەر ماڵپەڕەکە خوێندوومەتەوە.

دیمانەی ئەو دوو کەسە، گەلێک دوور و درێژ و هەمەلایانەیە و گەلێک پرسیار ئاراستەی شێخ جەلال کراوە و وەڵامدراوەتەوە، هەر لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکاف و دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەتا لاچوونی شێخ جەلال لە ڕێبەرایەتی "سازمانی خەبات".

ئەوەی بۆکان بگرێتەوە، چەند خاڵن : یەکەم شێخ جەلال بە فەقێیەتی لە گوندی سەرا و حەمامیانی بۆکان بوە و لەو ساڵانەدا کۆمەڵەی ژێکاف دامەزراوە و ئەویش بۆتە ئەندام. پاشان باسی ڕێزدار مامۆستا شێخ عیززەد د ینی برای خۆی دەکات کە لە گوندی "گۆڵ" ی بۆکان بوە و لە کاتی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی. هەروەها ناو لە هەندێ کەسایەتی خەڵکی بۆکان دەبات وەک خوالێخۆشبوو حاجی ڕەحماناغای موهتەدی، کاک سەلاح و کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، مەلا عومەری عەسری و هەروەها مامۆستا مەلا عەلی ڕەببانی مەلای گوندی بوغدەکەندی نێوان بۆکان و سەقز کە دانیشتنێکی بۆ نزیک کردنەوەی لایەنە ئیسلامییەکانی دژکاری ڕژیمی شا لە بوغدەکەندی پێک هێنا بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت.

www.endishe.blogfa.com/post-٨٧.aspx